# بێنازیی پارچە شێعرێك..

کەژاڵ ئیسماعیل

ڕۆژێک بە ڕێکەوت
ڕۆژنامەیەکی کۆنم دیتەوە
تیایدا پارچە شێعرێکی بێنازم خوێندەوە
هەر دوابەدوای لێبوونەوە
خەیاڵێک بەرەو داهاتووی بردمەوە..
ئەوسا
پرسیارێک وەکوو زەنگ
بۆ وەڵامێک گڕووی گرتەوە،
پرسیارێکی فرە بەپێز
پڕ لە مانا و فرە بەهێز
بە دوای قەڵەمێکا وێڵی کردم
ئای قەڵەم..!
دیسانەوە پەنجەکانم بە نیازن
بە گژ لاپەڕەیەکی بێگیانتدا بکەنەوە
تا وەڵامێک بۆ پرسیار
بدۆزنەوە..

بڵێی ڕۆژێک
من و تۆش وەک ئەو ڕۆژنامەیە
فڕێ بدرێینە سەر شۆستەکانی لاموبالات
بەرەو فەنابوون باڵ بگرین
بەدەم کێژەڵووکەیەکی شێتەوە؟!

ئای قەڵەم..!
چەندین وەرزە من و تۆ
وەک خاوەنی شێعرە بێنازەکە
وشە لە کێڵگەکانی تەنهاییدا ئەچنینەوە،
فرمێسکەکانی غوربەت ئەهۆنینەوە
باسکەکانمان ئەکەین بە سەرین
بۆ بێلانەیی خەو و،
ئەشکی «شێتەکان»
ئەنێینە سەر پیلووەکانی مانگ،
گڕووی دڵە بێزارەکان ژێرئەکەینەوە..

من.. و.. تۆ
لەگەڵ وەنەوزەکانی شەودا
غەمی سەر باڵەکانی باڵندەیەکی کۆچکردوو
هەڵئەگرین،

لەگەڵ تاریکایی ژێر چراکاندا،
هەناسەی سارد
لە توولە ڕێگاکان ئەنیژین،
کەچی.. هەرکە جارێک
نراینە بەر تارمایی دوو نیگا
بە جێ پەنجەکانی دوو کۆترەوە ئەلکێین،
ناخافڵ هەڵمان ئەگرن
بەرەو لووتکەی لەیادچوونەوە،
بێ ئەوەی کەسێک لە ناخمان تێبگا
یان، ئەنرێینە سەر مێزێکی بێ ڕوح و
لەگەڵ شەڕی دە پەنجەدا
بۆ ناو زبڵدانێک دەمانپێچنەوە..

ئای قەڵەم..!
لەگەڵ کاروانی ئەو شێعرە بێنازەدا
سەفەرێکی دوورم کرد و
ئێستا،
من پرسیارێک لە تۆ دەکەم
ـ کێ ئەڵێ من و تۆش
بەرەو بێنازیی ناچێت چارەنووسمان
یان، بە دەردی ڕۆژنامەکەی سەرەڕێگا؟!

وەرە.. با پێکەوە بگەڕێینەوە
بۆ زەمەنی ئێستامان
ـ بۆ باوەشی شەوەکانی خۆمان ـ
وەرە.. وەک جاران
دەستی وشە بگرین و
ڕازی تەنهایی و بێ خەویمان
بنێینە سەر دڵی لاپەڕەکان..

وەرە.. با بیر لە داهاتوو نەکەینەوە و
وەڵامی ئەو پرسیارە نەدەینەوە..!

2005-10-26

• • •